دهۆک..دەستبەسەراگرتنی چەندین دەرمانی نایاسایی و قاچاغ



ئاسایشی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و گیانی هاووڵاتیان، لە کۆمپانیایەکی پزیشکی دەست بەسەر چەندان جۆری دەرمانی نایاسایی و قاچاغدا گیرا.

ئاسایشی پارێزگای دهۆک لەمیانی ڕاگەیاندراوەکدا ئاشکرای کرد، لە دوای گەیشتنی زانیاریی لەسەر گومانی بوونی دەرمانی نایاسایی و قاچاغ لە کۆمپانیایەکی پزیشکی و فرۆشتنی بە هاووڵاتیان، هێزێکی هاوبەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی دهۆک و لێژنەی کوالێتی کۆنترۆڵی دەرمان (KMC) پێک هێنران بە مەبەستی بەدواداچوون و پشکنینی کۆمپانیا پزیشکییەکە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، لەسەر فەرمانی دادوەر، پشکین بە کۆمپانیا پزیشکییەکە کرا و دەرکەوت بڕێکی زۆر لە دەرمانی نایاسایی و قاچاغی لە دەفرۆشرێت، ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەست بەسەر سەرجەم دەرمانەکاندا گیرا.

ئاساشی پارێزگای دهۆک سەرجەم ئەو کەسانەشی دەستگیر کرد کە دەرمانەکانیان دەفرۆشت و پێاوی

لەکەینەوەیان بە کراوەنەوە.